# دیموکراسیەتە پەرش و بڵاوەکەی کونگۆی دیموکراسی




**یەکەم جارە لە مێژووی کۆماری کۆنگۆ دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕ بکرێت**

BBC NEWS

ئەمەل عەلی داود*

**تا هەنوکە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی (زائیر) بەدەست نا سەقامگیری و ململانێکانەوە دەناڵێنێت، دوای پەنجا ساڵ لە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و ئازاد بوون لە داگیرکاری، کەچی نەتوانراوە سەقامگیریەکی هەمیشەیی دەستەبەر بکات کە بە هۆی دابەشبونی نەژادی و خێڵەکی و ناوچەییەوە توشی بووە، زۆربەی جاریش بە هۆی خراپ بەڕێوەبردنی وڵات و سەرکردایەتی کردن و ململانێکانی لەسەر سەرچاوە سروشتیەکان دروست بووە، ئەمەو سەرەڕای ناکۆکی لەسەر مافەکانی هاوڵاتیبون و پەراوێزخستن و دورخستنەوەی هەندێکی تر، ئەنجامی ئەو ململانێیانەش وێرانکەر بون بۆ سەر وڵات و دانیشتوانەکەی.**

کۆماری کۆنگۆ، وڵاتێکی فراوان و دەوڵەمەند بە کەرەستەی سروشتی، کەچی ئابوورییەکی لاوازی هەیە، سەرباری ئەو هەوڵە زۆرانەی دراون بۆ دەستبەرکردنی ئاشتی ، هەمیشە ئەو وڵاتە لە دۆخی شەڕدایە.

مێژووی نوێی ئەو وڵاتە پڕە لە ململانێی، کە پاش ڕووداوەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵات لە هەردوو وڵاتی دراوسێ ئۆگەندە و روندا سەریان هەڵدا، نزیکەی یەک ملیۆن کەس ئاوارە بون و ڕویان لە کۆنگۆ کرد، بەمەش ململانێیەکە گواسترایەوە بۆ ناو کۆنگۆ و کاریگەری زۆریشی لەسەر دانیشتوانەکەی دروست کرد.

یەکێک لە دیارترین کێشەکانی کۆنگۆی دیموکراتی بریتیە لە پەرش بڵاوبونی بەرژەوەندییەکان بە پەرش و بڵاوبونی وڵات و گەلەکەی، دەرەئەنجامی ئەمەش وایکرد وڵات بکەوێتە ناو قەیرانێکی قوڵ کە هەندێک لە چاودێران بە (جەنگی جیهانی ئەفریقی) نێوزەندی دەکەن.

بە فراوانبونی جیاوازییەکانی نێوان هەژار و دەوڵەمەندیش، ئەوەندەی تر ململانێکان ئاڵۆزتر بوون. سەرباری ئەوەی کۆنگۆ دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی، کەچی نەیتوانیوە ژێرخانی سەرەکی دابین بکات بۆ گەلەکەی، بونی ئەو سەرچاوە سروشتیانەش هۆکاری کەمەندکێش کردنی کەسانی چاوچنۆک و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و حکومەتە گەندەڵەکان بوە، دواجاریش کۆمەڵگە دابەش بوە بەسەر چەند گروپێکی نەژادی رکابەر.

قەبارەی وڵاتەکە هێندە گەورەیە، کە بەرامبەر قەبارەی ئەورووپای ڕۆژئاوایە، هەر ئەوەش بوو وایکرد وڵات بکەوێتە ناو چەندین کێشەوە هەر لە سەردەمی داگیرکارییەوە کەتا هەنوکەش بەردەوامیان هەیە، بۆیە سەرۆکی پێشوو مۆبۆتۆ ویستی ئەو دۆخە بگۆڕێت پاش هاتنی بۆ سەر هەرەمی دەسەڵات، چونکە وڵات بەرەوە هەڵوەشاندنەوە و دابەش بون دەچوو. جەنگی نێوان گروپە چەکدارەکان بەردەوامی هەبوو، بۆیە سەرۆک مۆبۆتۆ هەوڵی تێکشکاندنی ئەو گروپانەیدا و دواجار ناوی وڵاتەکەشی گۆڕی بۆ (زائیر). بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر مۆبۆتۆ کراون، ئاماژە بەوە دەدەن، هەر دوای کۆنترۆڵکردنی وڵات، دەستیکرد بە تاڵانکردنی سامانەکەی و بەکارهێنانی بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات.

دوای ئەو لۆران کابێلا توانی بە کودەتایەک مۆبۆتۆ لادات لەدەسەڵات و سودیشی لەو خواست و تامەزرۆییەی زۆرەی گەل وەرگرت بۆ ئازادی، بۆ ئەوەی ئەویش شەرعیەتی بون و مانەوەی خۆی لە

**سەرچاوە سروشتیەکانی کۆماری کۆنگۆی دیموکراسی**





| | |
|---|---|
| کانزاکان | مێژووی دەرهێنانی کانزا لەو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ نیو سەدە و ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ئابووریدا. گرنگتریشیان مس و زیو یۆرانیۆم، ئەڵماس، زێڕ، کادیۆم. |
| کشتوکاڵ | بە یەکیك لە پایە سەرەکیەکانی ئابووری وڵات دادەنرێت و لە **57**٪ کۆی بەرهەمی گشتی پێکدەهێنێت، هەروەها لە **66**٪ دانیشتوانەکەی خەریکی کشتوکاڵکردنن. گرنگترین بەربومەکانیشی: خورما، لۆکە، قاوە، شەکر. |
| ڕاوەماسی | ماسی بە گرنگترین سەرچاوەی پرۆتینی ئاژەڵی لە وڵاتدا هەژمار دەکرێت. کۆی گشتی بەرهەمی سامانی ماسی بە **222965** تۆن مەزندە کراوە. |
| ئاژەڵداری | کۆنگۆی دیموکراسی بە دەوڵەمەندترین وڵات دانراوە لە ڕووی ئاژەڵداریەوە. بەهۆی ژینگە باراناویەکەی چەندین جۆر سامانی ئاژەڵی هەیە. ناوچە شاخاویەکانی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات گونجاوترین شوێنن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ. |
| دارستانەکان | نیوەی ڕووبەری وڵات بە دارستانی کەمەریی داپۆشراوە. لە **60**٪ ڕووبەری وڵات پێکدەهێنێت. قەبارەی تەختە و دارەکانی دەبڕدرێنەوە ساڵانە دەگاتە م$^3$ **72.170.000**. بە نزیکەی **25.7** ملیۆن دۆلار هەناردە کراوە. |
| وزە | سەرچاوە ئاوییەکانی وڵات گرنگترین سەرچاوەی وزەی کارەبان کە دەگاتە نزیکەی **100.000** مێگابات، واتە لە **13**٪ لە بەرهەمی جیهانی. |

دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ فەراهەم بکات، بەڵام ئەمجارە بە شێوەیەکی جیاوازتر و بە جل و بەرگێکی جیاوازترەوە هاتە سەر شانۆی ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە، کەچی چارەنوس بواری نەدا و لەسەر دەستی یەکێک لە پاسەوانەکانی لە 2001 کوژرا و جۆزیف کابێلای کوڕی جێگەی گرتەوە، بەمەش ڕوکنێکی خێزانی سیاسی لە کۆنگۆ دروست بوو.

هەرچەندە جۆزیڤ کابێلا جیاوازتر بوو لە باوکی، پێشتر لە دژی دەسەڵاتی مۆبۆتۆ لەگەڵ باوکی کاری کردبوو، پاشان وەک ڕاوێژکارێکی سەربازی بۆ سەرۆک هەڵبژێردرابوو، بەڵام کابێلای باوک لە دواین ڕۆژەکانیدا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ نواندبوو، وەک ڕواندا و ئۆگەندە، جۆزێفی کوڕ سەرباری پەیڕەوکردنی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانە لە ناوەوە، بەڵام سیاسەتی ئاشتەوایی و کرانەوەی لەگەڵ واشنتۆن و پاریس و برۆکسل گرتەبەر، ئەمە جگە لە وڵاتانی ئەفریقی، بە تایبەتی ئەوانەی لەڕووی جوگرافیاوە دراوسێی بوون.

پاش دواخستنی هەڵبژاردنەکانیش، لە دیسەمبەری ساڵی 2018 هەڵبژاردن ئەنجام دراو لیژنەی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی کاندیدەکەی ئۆپۆزسیۆن فیلێکس چشسیسیکدی ڕاگەیاند، کە وەک شۆکێک

## سەرۆکی هەڵبژێردراوی نوێی کۆنگۆی دیموکراسی






| | |
|---|---|
| ناو | فیلیکس ئەنتوان چشیسیکیدی لە دایکبوی حوزەیرانی ساڵی 1963. |
| کاری سیاسی | ساڵی 2011 وەك نوێنەری ناوچەی مبوجی ـ مبایی هەڵبژێردراوە، بەڵام ڕەتی کردەوە لەبەر ڕێزی باوکی کە دوبارە هەڵبژاردنەوەی کابێلای پەسەند نەکرد. |
| چالاکیەکانی | ساڵی 2017 بە ئامادەبونی ئاژانسی فرانس پریس باسی لە ئەگەری دامەزراندنی (لیژنەی ڕاستی و ئاشتەوایی)کرد گەر دەسەڵاتی گرتە دەست بۆ ئەوەی ڕێگە بە کابێلا بدات لە وڵات بمێنێتەوە |
| پۆست | سەرۆکی پارتی یەکێتی لەپێناو دیموکراسیەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە/ سەرۆك کۆماری کۆنگۆی دیموکراسی. |
| ڕێژەی دەنگەکانی | بە پێی دادگای باڵای دەستوور کۆماری کۆنگۆ لە 38.57٪ دەنگەکانی بەدەست هێناوە و بوە پێنجەم سەرۆك کۆمار. بە سەرکەوتنێکی مێژوویی هەژمار کرا، چونکە یەکەمجارە کاندیدێکی ئۆپۆزسیۆن لە گەورترین وڵات لە باشووری بیابانی گەورە ببێتە سەرۆك کۆمار. |

وابوو بۆ هەموان، چونکە لەگەڵ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی نەدەگونجا، چاودێرانیش پێیان وایە حکومەت دەستکاری ئەنجامەکانی کردووە لە بەرژەوەندی ئۆپۆزسیۆن لەبەر مەترسی فراوانبونی ئەو بزاڤانەی بەم دواییانە لەوڵاتدا سەریان هەڵداوە، کە دەیانەویت خەڵک ئاشنا بکەن بە مافە مەدەنیەکان و وشیارکردنەوەیان بەرامبەر ئەو نایەکسانیەی لەنێوان چن و توێژەکانی گەلدا هەیە بکەن.

ئەمەش یەکەم جارە لە مێژووی کۆماری کۆنگۆ دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئالۆگۆڕ بکرێت، دوا بەدوای ئەوەش هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و ئەفریقیا و فەڕەنساش جەختیان لەسەر کارکردن کردووە لەگەڵ چشیسیسکیدی وەک سەرۆکی ئەو وڵاتە، سەرباری هەبونی گومان بەرامبەر بە دەرچونی.

**سەرچاوە: http://www.bbc.com/arabic/topics**

# توێژینەوە جیهانییەکان
# بەشی چوارەم

| ژ | ناوی کتێب |
|---|---|
| 1 | ئەزموونی ئەڵمانیا |
| 2 | ئەزموونی ئەندەنوسیا |
| 3 | ئەزموونی بەرازیل |
| 4 | ئەزموونی پاکستان |
| 5 | ئەزموونی مالیزیا |
| 6 | ئەزموونی باشووری ئەفەریقیا |
| 7 | ئەزموونی چیللی |
| 8 | ئەزموونی کۆریای باشوور |
| 9 | ئەزموونی ئیماراتی عەرەبی |
| 10 | ئەزموونی هیندستان |

ئامادەکردنی: ئایدیا دیپلۆماتیک

# پرۆژەی توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە ڕووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهانە، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە ڕەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

ڕووداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچە و سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە ڕوودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕ و کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

دەزگای ئایدیا، ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و ڕوانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە ڕووداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو ڕووداوەکان فۆرمی گلۆباڵیان وەرگرتووە و کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوە و سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزتر و توندتر کردووە.